# ئافرەتی سکپڕو شیردەر ڕۆژوویان نەگرت چییان لەسەر واجب دەبێت

[ كردي – کوردی – kurdish ]

دەستەی بەشی زمانی کوردی لە ماڵپەڕی ئیسلام هاوس

**پێداچونەوەی :**پشتیوان سابیر عەزیز

2011 - 1432

IslamHouse.com

# ﴿ ماذا على الحامل أو المرضع إذا أفطرتا في رمضان؟ ﴾

« باللغة الكردية »

فريق قسم اللغة الكردية بموقع دار الإسلام

مراجعة: بشتيوان صابر عزيز

2011 - 1432

IslamHouse.com

## ئافرەتی سکپڕو شیردەر ڕۆژوویان نەگرت چییان لەسەر واجب دەبێت

پرسیار : ئایا ئافرەتی سکپڕو شیردەر ڕۆژوویان نەگرت چییان لەسەر واجب دەبێت ؟

وەڵام : ئەگەر ئافرەتی شیردەر و سکپڕ رۆژوویان نەگرت لەبەر ترس لە خۆیان ئەوە تەنیا گێڕانەوەی رۆژووەکانیان لەسەرەو بەس، بەڵگەی ئەم حاڵەتەش ئەم فەرموودەیەیە کە هاتووە : (عن أَنَسِ الكَعْبِيِّ رضي اللّٰه عنه عن رَسُولَ اللَّهِ (صلى اللّٰه عليه وسلم ) قال: إِنَّ اللَّهَ تَعَالَى وَضَعَ عن الْمُسَافِرِ الصَّوْمَ وَشَطْرَ الصَّلَاةِ وَعَنْ الْحَامِلِ أو الْمُرْضِعِ الصَّوْمَ) { رواه الترمذي ٧١٥ وابوداود ٢٤٠٨. } واتە : ئەنەسی کەعبی

ڕەزای خوای لێبێت دەڵێ: پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم ) فەرمووی: "خوای گەورە ڕۆژوو نیوەی نوێژی لەسەر کەسی سەفەری لابردووە، ڕۆژووشی لەسەر ئافرەتی سکپڕو ئافرەتی شیردەر لابردووە". ئەم فەرمودەیە ئەوە دەگەیەنێت کە کەسێ لە سەفەردا بێت نوێژ کورت دەکاتەوە و ڕۆژوو ناگرێت دواتر دەیگێڕێتەوە و سکپڕ و شپردەریش ڕۆژوو ناگرن و دواتر دەیگێڕنەوە.

بەڵام ئەگەر لەبەر منداڵەکەیان ڕۆژوویان نەگرت، وەك ئەوە ئافرەتە سکپڕە کە بترسێت منداڵەکەی لەبار بچێت یا شیردەرەکە بترسێت شیری نەبێت و منداڵەکەی تووشی زیان یا مردن بێت ئەگەر بە ڕۆژوو بن لەم حاڵەتەدا کە لە ترسی زیان گەیشتن بە منداڵەکانیان

ڕۆژوویان نەگرت ئەوە دەبێت ڕۆژووەکانیان بگێڕنەوە و مودێکیش لە خواردنی زۆربەی خەڵکی ئەو شوێنە بکەن بە خێر، عن ابن عباس { وَعَلَى ٱلَّذِينَ يُطِيقُونَهُۥ فِدۡيَةٌ طَعَامُ مِسۡكِينٍۖ } قال كانت رخصة للشيخ الكبير والمرأة الكبيرة وهما يطيقان الصيام أن يفطرا ويطعما مكان كل يوم مسكينا والحبلى والمرضع إذا خافتا (يعني على أولادهما ) أفطرتا وأطعمتا). بەڵگەی ئەم حاڵەتەش عەبدوڵڵای کوڕی عەبباس ڕەزای خوای لێبێت دەڵێ ئەم ئایەتە:{وَعَلَى ٱلَّذِينَ يُطِيقُونَهُۥ فِدۡيَةٌ طَعَامُ مِسۡكِينٍۖ} ڕوخسەت بوو بۆ پیاوی پیرو ژنی پیر کە بە نارەحەتی دەتوانن ڕۆژوو بگرن بە ڕۆژوو نەبن‌و لە جیاتی هەر ڕۆژێك خواردنی هەژارێك بدەن، هەروەها ئافرەتی دووگیان‌و شیردەریش ئەگەر ترسان ـ لە زیانی

کەوتن بە منداڵەکانیان ـ رۆژووەکەیان دەشکێنن خواردن دەدەن".

خوای گەورەش زاناترە ..